**ئاسۆی حزبەکانی کوردایەتی لە ئێراندا!**

**عوسمانی حاجی مارف**

"ڕوخانی کۆماری ئیسلامی" بەرجەستەترین دروشمی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە سەراسەریەکانی جەماوەری ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێرانە، کە بەچەندین شێوە دەنگ ئەداتەوە، نمونەی "نا بۆ دکتاتۆر، مردن بۆ دکتاتۆر"، "نا بۆ خامنەئی"..چەندین دروشمی تر کە لێدانە لەهێمای دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لەئێران و ناوچەکەدا، "نا بۆ روسەری، بەڵێ بۆ ئازادی ژنان"...، هەرچەندە ئەم خرۆشانە جەماوەریە بەرفراوانە بەجیالەوەی لەئاکامی تیرۆرکردنی "مەهسا ئەمینی"ەوە دژ بە "روسەری بەزۆر" دنیای هەژاند و ڕوخسارێکی جیهانی لەخۆی نیشانداوە، بەڵام شەپۆلی ئەم خرۆشانە درێژکراوەی قەبول نەکردنی تەواوی دەسەڵات و پێکهاتەو ئایدۆلۆژیایەکە کە کۆماری ئیسلامی چلوسێ ساڵە دەسەڵاتی سیاسی خۆی پێڕاگرتووەو بە دڕندانەترین و کۆنەپەرستانەترین شێوە پارێزگاری لەسەرمایەداری و بە کۆیلەکردنی کرێکاران دەکات. ئەم بزوتنەوە جەماوەریە فراوانە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕیزێکی بەرینە لەبزوتنەوەی دژی هەژاری و برسێتی، وەها مەیدان و کەنارەکانی گرتووە کە لەڕێگەی ڕاپەڕینی جەماوەریەوە درەنگ یا زوو کۆتایی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێتە ئەنجام. ئاراستەی ئەم خرۆشانە جەماوەریە لە هەنگاوەکانیدا، بەچونەپێشەوەو گەڕانەوەکانیدا، بە هەر کەموکوڕیەکیەوە، فراوانبونەوەی زیاترو ڕادیکال بونەوە و شارستانی بونمان پێنیشان ئەدات. پەیام و بانگەوازی ئایندەیەکی گەشبین بۆ کۆتاییهێنان بە ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە، پێگەی ئازادی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان لە ناوچەکەدا دەچەسپێنێت...هتد

مەبەستم نیە لەم وتارەدا بە شانوباڵی ئەو ناڕەزایەتیەی جەماوەری ناڕازی ئێران هەڵبدەم، چونکە واقعیەتی ناڕەزایەتیەکان سەرنج و پشتیوانی تەواوی جیهانی بەلای خۆدا ڕاکێشاوەو ناتوانێ ئاراستەکەی بگەڕێنرێتەوە دواوە، بەئاشکراو بەڕۆشنی بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوەی مەبەستمە دەورێک کە ناسیۆنالستەکان دەیانەوێت وینایەکی کوردایەتی بەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریە نیشانبدەن و سیمای "شۆڕشی" ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێببەخشن وەڵام بدەمەوە.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لە ئێران دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدان لەڕێگای دەوری دەوڵەتی ئەمریکاوە لەنمونەی ئەزمونی دەسەڵاتی تاڵانچێتی کوردایەتی کوردستانی عێراق دوبارەکەنەوە، بەپرۆسەی دامەزراندنی دەسەلاتی میلیشیایی و تاڵانچیتی ناوچەی کوردستانی ئێران داگیرکەن و لەنێوان هێزەکانیاندا جوگرفیاو سامانەکەی دابەش بکەن. بەڵام کۆتایی باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا وەک تاکجەمسەری و هاتنە مەیدانی جەمسەرە ئیمپریالیەکانی تر، کەمایەی شکستی ستراتیژی دەوڵەتی ئەمریکا بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەلایەک شکستی دەوری ئەمریکا لەبەرامبەر ئێرانداو لەهەمانکاتدا بوە جێگای بێئومێدکردنی تەواوی خەونی حزبەکانی کوردایەتی بۆ داگیرکاریان لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا.

حزبەکانی کوردایەتی لەم هەلومەرجی خرۆشانە جەماوەریەدا خەریکن بەو ئومێدو ئاسۆیەوە سەرقاڵ دەبن کە لەڕێگەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی شارەکانی کوردستانەوە خەونەکانیان بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی و تاڵانچێتی بەدی بێت و بەجێگایەکی بگەیەنن، ئەم ئاراستەیە لەبانگەوازەکانیانەوە، بەدروشمەکانیان، جوڵەی هێزی چەکداریان، ناونانی شۆڕشی ڕۆژهەڵات، جیاکردنەوەی کوردستان، سرودی نەتەوایەتی..هتد دەیانەوێت ئاگرەکە بەقازانجی خۆیان گەرم بکەن، با لەوە گەڕێین ئەو حزبانە تاچەند لەهەوڵی ئەوەدان و دەیانەوێت ڕێڕەوی ناڕەزایەتیەکانی بەقازانجی خۆیان بگۆڕن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دۆخی ئاواڵەیی سیاسی لەئێرانداو چۆنیەتی ئاراستەی ناڕەزایەتیەکان، ئەو هەلە دەرخسێنێ حزبە کوردیەکان بتوانن نمونەی ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی عێراق دوبارەکەنەوەو بە ئاسۆکەیان بگەن؟

ئەزمونی حزبەکانی کوردایەتی ئەزمونێکی چەکداریە بۆ بێئیرادەکردن و گۆشەگیرکردنی ڕۆڵی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیان لەئایندەی دۆخی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا، بەڵام واقعیەتی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئێران بە کوردستانیشەوە لە گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی بەرپاپەرینی جەماوەری، پێشوازیان بۆ هێزی میلیشیایی نیە، چونکە پانتایی کوردستانی ئێران چەندین شاری کرێکاری و بەرهەمهێنانی کاڵاییە، ژیان شارستانیەو ناڕەزایەتیەکان زادەی خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە لەگەڵ ئاسۆی کوردایەتیدا یەکناگرێتەوە.

بەجیا لەوەش ناڕەزایەتیەکانی ئێران سەراسەریەو تەواوی ئێرانی گرتۆتەوە کە پەیڕەوی یەک خواستە بۆ ژیانێکی باشترو هەمان ئامانج و دروشمە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کرێکاران زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازانی شارەکانی کوردستان بەشێکن لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازانی ئێران، یەک چارەنوس لە ئایندەی دەورو دەخالەتی خەڵک لە دەسەڵاتی شورایدا بە یەکیان دەبەستێتەوە.

ئەتوانم بڵێم دەورو نەخشێک کە حزبەکانی کوردایەتی دەیانەوێت لە ئایندەی سیاسی کوردستاندا بیگێڕن، واقعیەتی شارستانیەتی کوردستان و سروشتی ناڕەزایەتیەکان ئەوەمان نیشان ئەدەن جێگایەک کە شایستەی حزبەکانی کوردایەتی بێت و بیانەوێت کوردستان میلیتاریزە بکەن، زەحمەتە بۆیان بەدەست بێت و بتوانن لەو ڕێگەیەوە پێگەیان بەهێز بکەن، بەڵکو

فرسەت کراوە دەبێت بۆ کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و بزوتنەوەی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان کە خۆیان ڕێکبخەن و ڕۆڵی خۆیان لە بەرەوپێشبردنی ئایندەی ئێراندا بگێڕن.